# گەڕانەوە

ئاریان فرج عبدالله

(١)

چەند جارێ سەرت بەم لاو لای سەرینە چڵکنەکەی ژێر سەرتا وەرچەرخاند. خەو لێ زڕانەکەی چەن شەوێ لەوەو بەر ئەمشەویش پێڵوەکانی لە یەك تۆراند بویت. بەچمکیکي لێفەکەت سەروچاوت شاردەوە. هەروەك تەنگە نەفەس بوبیت، لێفەکەت لادا. دەزوولەی ڕوانینت بە بنمیچەکەوە گرێدا. بۆ یەکەم جارە پەرژە نامەی ژیانت ڕوداوێکی نا ئاساي لە خۆی ئەگرێ. وا لەچەند دیمەنێکدا لە بەر چاوت نۆرە بڕی لە یەك ئەکەن و بەگژی یەکا ئەچن. زاڵترینیان دیمەنی کچە قەشەنگەکەی بەیانیانی ڕێ قوتابخانەت بوو چەنێ پێست بێ بوو ئەتووت پەری‌یەکی ناو وێنەکانی حەرزەتی مریەمە. ئەفسونێکی نادیار بەرەودەریای خەیاڵاوی ناخی چاوەکانی کێشی ئەکردیت. شەقامەکەت لە بەر چاو ئەبوە بوارێکی بێ ڕێبوار. قامکە ناسکەکانی لە پەنجەکانت ئەئاڵاند. بالام دیمەنێکی تر وەك بروسکە ئاوێنەی دیمەنی یەکەمی لەبەر چاو ووردو خاش ئەکردیت. ڕووی خەندەباری هاوڕێ ساکارەکانت. تارمایی کۆڵانە تەنگە بەرە تاریکە کەتان. گوزەرانی خۆتانت پێش چاو ئەکەوت، بێزاری‌یەك چاوەکانی پێ لێك ئەنایت، بەم دیمەنە شەپۆلی ڕق و بێزاریت شێت ئەبوو بۆیە لەبەر چاوت وێڵت ئەکرد... بنمیچ و دارەڕاو لایلۆنە داکوتراوەکەی بانی، دیوارە گڵ گەچەکەی ئەوبەرت، پەنجەرە بۆرەکەی ژوور سەرت، پرخە پرخەکەی باوکت ئاوازێکی دێرینەی ئەم شەوو شەوانت بوون، هەناسەیەکی گەرمت هەڵکێشا.

(ژیانێکی پوچ و، ڕەش !، نەبونی، نەریت، گیروگرفت، تۆ بزانە سەمایەن جلێکی هاوچەرخ، پێکەنینێك، هەر هیچ شتێ

شاری تێڕژاوە منداڵەکانیان ڕژاونەتە یەك و لەحەوشەکەیا ئەچن بەیەکا بەدەروازەکەیا نەبێ هەر لەکۆڵان دەچێ خۆت کرد بەدەمی نەهەنگەکەیاو لە هەیوانی شەشەما گیرسایتەوە خۆرە تاوەکەش مێشکی کولانبوویت عەبا ڕزیوەکەت بە سنگێکی بەر هەیوانەکەیا هەڵواسی و خزایتە ژوورێ ، «سەربەست» لەسەر لبادەکە ئارام بووبوو خامۆش بووبۆوە . موچرکێك لەتەوقی سەری دایت و لە کەلەموو ستی پێتەوە دەرپەڕی هەستت ڕاگرت لێ‌ی‌نزیك‌کەوتیتەوە لەژوور سەریا بەچۆکا هاتی «وەستا .. دووکان .. ئەفەندی .. منداڵە گووپ خرەکە .. عەمەلیاتەکەی هێڤی خان ..» وەکو خەوێك بەبەر ئاوێنەی مێشك و چاوتا تێپەڕی سەرت بەسەر دەم و چاوە زەردو لاوازەکەیا شۆڕ کردەوە چاوەکانی لەدەریای خەوێکی قوڵا تقووم بووبوون دەستی ڕاستی لەسەر سکی دانابو ، دەستی چەپیشی بووبوو بەژێرخۆیەوە ، دەستی چەپیت بەرزکردەوە وەکو پەڕۆ خزایە خوارێ دەستت بەسەر ڕومەتەکانیا گێرا لەوەجاخی ژوورەکەتان ساردو سڕتر بوو وەکو شێت بەدەوریا ئەهاتیت و ئەچویت ..

- سەربەست .. سەربەست گیان .

- ...

«سەربەست» لەدوتوێ‌ێ ژانەکەیا کۆچی‌کرد لەجیهانی دووەما بووبوە میوانی باوکە جوانە مەرگەکەیی و تۆشی لە غوربەتی بێ‌کەسی و هەژاریا بەجێهێشت ، تویشووی ئاواتە ساواکانی لەگەڵ خۆیا برد ، چاوەکانت ژێرەو ژووربوون ، مێشکت لەکار کەوت ، وەکو مقەبیا لەجێ‌ی خۆتا ووشك بوویت .

تیشکی خۆریش لەچوارچێوەی پەنجەرە تەختەکەوە خۆی کوتابوە ژوورەوە کە تاکە میوانێکت‌بوو لە پرسەکەی «سەربەست»دا زەرد هەڵگەڕابێ و ئاگاداری مێژووی ڕۆژگاری بێ‌کەسی و نەبوونی و هەتیویتانی تۆمارکردبێ ، خۆرەکەش لەدورەوە گڕی تورەیی ئەڕژان .

نی یه مروڤ دلی پێ خۆش بێت... ئاخ... تۆ بلێی قوتاربومایه.. تۆ بلێی ببو مایه خاوەن ئەو پەری یەو لەجێی نەرم ونیان و ما خچەو چیمەن و، خواردنی چاکی سەرمێزا بژیامایه ڕزگار بومایه لەم خامۆشی یە... بەلام چۆن ؟... چۆن ؟..) بەهەناسەیەکی قووڵ خەوش و گلەیی یەکانی ترت بەباکرد.

(٢)

ئەو بەرەبەیانی یە لەگەڵ چالێنانی دایکت بەخەبەر هاتی. باوکیشت هەر نیوەشەو بەرەوکارگەو ورەوڕی ئامێرو بۆنی تیژی توتن بە لەشی شەکەت و چاوی خەوالووەوە بەڕێ کەوتبو. وابۆ چوار ساڵ ئەچێت باوکت لە ملەو خەباتایا لەگەڵ ئامێرا.. ئەڵێن توتنی داگیرساو جەرگ و سی یەکانی مروڤ دائە ڕزێنێ. بەلام باوکت چەند ساڵێکە توتنی ساغ لۆزەی کونە لووتەکانی ئەکات باوکت وا کەوتۆتە ئاویلکەو تائێست ئۆخژنێك بە دەرونی کەیلیا نەهاتووە. بەیانیان کە هەمان قۆری و پیاڵەو ماستەکەی ڕۆژانی دی تێکەڵ بەئاخ و ئۆف و گلەیی یەکانی دایکت ئەبێت ئەبنە ئاوازی بەئاگا هاتنت. ئەوەندەی تر شێت گیرئەبی. وائەم بە یانیە بەڕووی دایەی بەسزمانا هەڵشاخای.. هەرچی ئاخێك سەرودڵی تەنیبویت هەمویت گرتە دایکە بێ چارەکەت. دایە تەنها چەند ووشەیەك شك ئەبات هەموو بەیانیەك گوێکانت پێ ئەسمێت ـ چیتە کوڕم لە چیت کەمە.. خوا لەوە خراپ تری زۆرلەلایە.. جاواکەمیشت بوو.. چی بکەم.. قوڕی کوێ بکەم بەسەرما.. گریان قورکی لەقسە ئەخست ئەم بەیانیەش بەرقەوە کتێبەکانت لەبن هەنگڵ ناو دەرپەڕیت ـ لەبەردەم کۆڵانە تەنگە بەرەکە هەنگاوەکانت هێواش کردەوە. چاوەکانیشت داگرتەوە بەردەمت. دیسانەوە بویتە وێڵی ناو کلۆشی پان و بەرینی بیرکردنەوەکانت. هەربیرەو دەمارێکی مێشکت ڕائەتەکێنێ.. هەندێ جار هەست ئەکەیت دوو مروڤیت.. مروڤێکی تازە یابەتی چەند ڕۆژانێکی کورت و هاشاوڵ ئەکاتە سەر مروڤێکی دێرینی چەندین ساڵ ئەبیە پرسیار... وەلام... پرسیار. کێشەیەکی قووڵ مێشکت ئەتاسێنێ (تۆ بلێی سایانی خۆشەویستی نەبم ؟.. خۆکەم و کورتیم نی یە !.. هەژاری ؟.. کاری خوایە.. بەلام ئاخر من لەکوێ و ئەو شازادەیە لەکوێ.. ئەو لا لەکەس نا کاتەوەو بە ئاستەم پێ بەوی یا ئەنێ لەکوێ ئاوەر لەمن ئەداتەوە.. نا.. نا وانی یە بۆ بەم قسە پوچانە خۆم دوودڵ کەم.. کێ ئەڵێ لووت بەرزی یەکەی لە نەفسیەتی بەرزەوە نی یە.. هەرکەسەو هەست و نەستی خۆی.. هەژاری و دەولەمەنی نابنە پەژین...).

دەنگ :ـ

ئەم جیهانەی بەرچاوی تۆ دوودەریایە، یەکیان سپی و زادەی کۆست و نوزەو هاواری داماوان و ڕقی چاوی کرێکاری ئارەقاوی و ترسی لاوی ڕەنگ پەڕیوی چەوساوانە دڵتی بۆ بکە بە مست و کێڵگەی هیوای ئەمانی پێ ئاوبدە. ئەوی تریان سورو خوێنە و زادەی سەر نجی تەلیسماوی و کەشمەونە شمەو پارەی کەڵەکە کراوو لەنجەولاری مروڤ کوژو درۆو دڵ ڕەشیی و ژیانی وێر توێنە. دڵت لە بەرگێکی ئاسنا مەلاس دەوکە لبەکانت تیژ کەرەوەو دیاری بۆ ئەم دەریا خوێنینە بێنە.

چەند هەنگاوێکی ترو کۆڵانەکەت بەشەقامە سەرەکی یەکەوە گرێ ئەدا.. دەنگی نەریمانی هاوڕێت هەروەك بەردی دەست منالێکی لاسار گۆمی خەیالاتی شڵەقان..

تێبینی :ـ

نەریمان لاوێکی ڕۆشن بیرو هوشیارە. حەمە عەلی هیچ یادگاری یەکی خۆی نایەتەوە یاد نەریمان بەشداری نەبوبێ. نەریمان ووتەکانی نا ئاسایی تر بوو لە هاوڕێکانی.. باوەڕی بەخۆی وشانازی بەهاوڕێکانیەوە ئەکرد، خۆی زۆر لە کەشخەکانی پۆلەکەی بەزیاتر ئەزانی.. جارجاەیش کتێبی سەیری بە دەستەوە ئەبینرا گەشبینانەش داو ڕۆژی گەرەکەی بەدی ئەکرد.ـ بەیانیت باش حەمە عەلی.. چی یە کوڕی باش چەند جارم بانگ کردی ؟ ـ بەیانیت باش. بەوشکی و بەئاستەم وەك منالە ناسکە بێ گەردەکانی دەولەمەنەکان دەمت هەڵهێنایەوە. نەریمان حەپەسا.. سەرسام بوو.. تێت ڕاما.. ترسی لێ نیشت.. هەستی کرد مروڤێکی بەسزمانی دڵ ساف لەخشتە ئەبرێ.. هەستەکان دڕندەکان فێڵزان و دنیا دیدەن.. هەست بەبێ دەسەلاتی و تاك دەستی، ئەکات ئەیەوێ هەڵشاخێ بە ڕووتا، ئەیە وێ لێت بپاڕێتەوە کە بەدەستی خۆت ساغری دڵی خۆت نەشکێنی.. ئەیەوێ تا نەوتەشەرەکانی بەڕووی خۆتا بشکێنێتەوە.

ـ حەمەعەلی تکات لێ ئەکەم.. خۆت مەکە بەسەمەدە.. تۆو ئەتواری واو کچی وایان نەتووە.. تۆ زۆر لەوە بەڕێز تری دوای گەلحویەکی وا بکەویت.

شلەژایتو ڕوویەکی ساختەت لەدەمو چاوتا چرچ کرد.
کچی چی.. باسی چی ئەکەی ؟..
خۆت گێل مەکە... هاوڕێ یان هەموو لۆمەت ئەکەن.
تورەییەکەت جۆگەی قسەکانی دابڕی.

- جاجە نابیشتان بەغیلیم پی ئەبەنو ئەتانەوێ وەك ئێوە لەخەلوەتا بژیم. وانییە ؟ بوارت نەدا نەریمان دەم هەلبێنێتەوە.

- گوێ بگرە نەریمان.. نەپێویستیم بە ئامۆژگاری تۆ هەیە ونەکفریشم کردوە تەنها ئەمەوێ ببمە ئینسان.. تێ ئەگەی ؟!..

خەندە یەك لێوەکانی نەریمانی ترازان.. دەستی لەسەر سثانت دانا. بەتوندی دەستەکانبیت فڕێداو خۆت لێ ڕاپمان.. یەك دوو هاوارِی تری نەریمان لەدەریای بیری ئالۆزو پەڕ پوتتا تاسا.. پێت هەلگرتوتێکە لی شپەقامە ڕێچکەی قوتابخانە بویت. ڕەوتت هێواش کردەوەو تەمی تورەیی یەکەت ڕەویەوە.. هەلوێستەکەی تاوێك لەمەو بەرت بیری کردیتە کۆنگرەیەکی بێ سەروبەر.

(تۆ بلێی بەڕاست نەریمان بەغیلیم پێ بەرێت. نازانم بەو پەڕی باوە ڕەوە وو یان لە دەمم پەڕی... خۆ ئەو لە چاکە زیاتر هیچیی بۆمن نەویستوە... بەلام لەمەوپێش وا بووە کێ ئەلێ ئێستا چاوی نەچوتە پشتی سەری وامن خەریکە دەستم لە بەختەوەری گیر ئەبێ.. کێ دڵ بە بەختەوەری کێ خۆش ئەکات).

بەختەوەری پرسیارێکی ناوەختی بەبیر هێنایتەوە.

(تۆ بلێی گەر پێی بلێم خۆشم ئەوێت چیم وەلام باتەوە ؟.. دیارە. یابەخەندەیە کی شیرین ڕەزامەندی خۆیم بۆ دەرئەخات.. یان ئەلێ بابیرکەمەوە. ئەویش دەربڕینێکی تری هەمان مانایە... تۆ بلێی لەڕازم نەگات ؟!.. مرۆڤ چۆن لە مرۆڤ ناگات) :-

دەنگ:-

(خانمەکان لە سەگەکانیان تێ ئەگەن. ئاغاکانیان توتیەکانیان ئەدوێنن، بەلام لەگەڵ مرۆڤەکان، هەرگیز ئاهی هیچ کامێکیان بەدەرونی ئەوی دیانا ڕەتنابێ. ئەوان خۆرێکی دڵ گەشو ئەمان گەواڵە هەورێکی ڕەشو بۆرن. ئێوە ئەوان لەژێر چادری زۆر ووشەی قەبەو زلا بەیەکەوە شەتەك ئەدرێن. مرۆڤ، هاونیشتمانیی ئەی بۆ هەرگیز لەیەك ناچن ؟، ئەی بۆ نابنە میوانی یەك، بۆ یەکتری ناناسنو ووتە کانتان لە یەك نینو لەناخەوە لەیەك نامۆن ؟..)

بڕیارت دا ئەمرۆ بەدەستی بەتاڵ نەڕوێتەوە. پێی ئەلێیت خۆت لەم دوو ولییە رزگار ئەکەیت. وازەنگی قوتابخانە کۆشکی بێ بناغەی خەونەکانی پوکانیەوە. لە بەردەم قوتابخانەتاریك و تاك نهۆمی یەکە تووت بویتەوە. هەر لە بەردەرگاوە تەپو تۆزو هالاوی پۆلەکان پێشوازی لەسیەکانت کرد.

## (٣)

دەمەو نیوەڕۆیەو بەتەنها لۆژ ئەبیتەوە. بە تەمای بەجێ هێنانی نەخشەی پلانە گەورەکەیت. هەلوێستەیەکت کردو پشتت بەیەکێ لەدارتەلەکانەوە ناو سەرەتای چاوەڕوانیت دەستی پێکرد. خۆرەتاوی نیوە ڕۆژێکی دەمەو هاوینە و تایەت گەرم تر ئەبێ، جارجارەش کزەی شنەماڵێکی هاوینە شنەی فێنکای بە سەرو سنگتا ئەکات. سثەقامەکە وورده ورده ڕێبوارانی لێ وون ئەبوون. قوتابیان هەندێکیان باوەشێ کتێبی لەبن هەنگڵ نابوو، هەندێکیش جانتایەکی دبلۆماسی پاكو خاوێن بارەکەی ئاسان کردبوو. چاوەڕوانیت درێژەی کێشاو هەراسانی ناوچەوانی گرژ کردیت..

تاوێکی تر چەپکی ووشەکانت لەبەرۆکی بیستنی کەسێك ئەدەیت، خۆیشت بۆ ژوانێکی بێ وێنە بە درێژایی ژیانت ئامادە کردووە. ئەتەوێ کۆ دەتایەك سەراپای ژیانت ژێراو ژوورکات.

لەناکاو دیمەنی کچێك بەرەو ڕووت سەرنجی ڕاچەنیت.. ناسیتەوە... لەدارتەلە کە دوور کەوتیتەوە... هەموولەشت بووە چاوو تروکەی لێبڕا... خۆت گورج کردەوە ... هەموولایەکی خۆتت بە سەرکردەوە.. ئەمرۆکەزی یەخاوەکەی بەلایەکی ملیا شۆڕ کردوتەوە.. وەك هەر ڕۆژێکی تر تەرزێکی دی ڕەنگاندویەتی.. دەمو چاوەتیف تیفە کراوەکەی لەیەك ئاستا ڕاگیراوە. جار جار زمانێکی دەر ئەکێشاو لێوەکانی پی ئەپاراوت.

لێت نز بۆوە.. بە بەردە متا ڕا بوورد.. هێواش هێواش دوای کەوتیت.. هەنگاوەکانتان تێکەڵ بەیەك بوون.. چرکەی دڵت لەگەڵ تەقەی پێلاوەکانیا ئەچلەکی.. ڕەوتی خێرا تر بوو... بۆ ئەوەی پەردەی شبانۆگەریەك لابدرێت چەند

هەنگاوێکی چالاکانەی گەرەك بوو.. بەلام لێت ببوە هەورازێکی سەختو پیرە مێردێکی بێ کۆپاڵ بویت لە ئاستیا.. پێت نایە جەرگتاو نزیك تر بویتەوە... دەمارێکی تەنیشت چاوت لەگەڵ دڵتا کەوتە گەڕ... پێت بەجەرگتا ناو نزیك تر بویتەوە.. شالاوی ڕستەیەکی پچڕ پچڕ دەمی هەڵهێنایتەوە.

- ئێ ی... کچەکەگیان..ز..زەحمەت نەبێ.

نەخێر... ئەو بەلێو گیان و فەرموەی عەیامێکە وەلامت پێ نەدرێتەوە ئەمجارەیان نەتبیست.. تۆ بلێی دەنگی تۆ کزبێ و گوێی لێ نەبوبێ !!..

- کچەکەگیان... بێ زەحمەت ؟

ئاوڕت لێدرایەوە !... دەمو چاوێکی سەرنج ئاگرین ناخی چاوەکانی بزوانی.

بڕۆکانی لێك نزیك کردەوەو سەرە لەرزەیەکی کردو پاش ئەوەی ناچار بوو کەبێ گومان بێت کە مەبەستت ئەوە

- ها... ئەلێی چی ؟...

پێش تاوێ مەلۆیەکت لە خەرمانی فەرمەنگی ووسپەکانت دەسکەنە کردبوو. بەلام وا پوکایەوە.. ترس تاکە ووشەیەکی لە هەگبەتا نەهێشت.. تەڕایی لەقوڕگت بڕاو بوو زەویەکی ووشکی قلیشاوی بەر ڕەحمەتی بارانێکی خوا. ئەبێ زوو.. زۆر زوو شتێك بلێی.. ئەم کەسانە گوێ گرتنو ئارام ناگرن لە بەردەم تۆ تا ئەکەویتە گۆ بۆیە هەرچی زمان و قوڕگت لەسەری ڕێکەوت هەلت ڕشت.

- و.. وەللاهی.. بەڕاستی.. من تۆم بەدڵەو حەز ئەکەم....

دەمت تەتەڵەی پێکەوت کاتێ دەمو چاوەکەی بەرامبەرت نیشانەکانی پرسیارو سەرسوڕمانو گاڵتە جاڕیو تورەیی یەك لەداوی یەك لەسەر نەخشا.. وە ستایتو ڕووە زەرد هەلگەراوە کەت بڕی یە بەرامبەرەکەت.. ئەو هەروەك پێشتر زۆرکەس لەم ووشانەی پێووتبێت بۆیە ئاسای تێت ئەڕوانێ لەپڕ دوو لێوەکەی لەیەك ترازان.

- جا کەواتە خێریکم لەسەرە شکور تۆمنت بەدڵە.. وانی یە ؟!...

کەوتیتە لێوە لەرێ.. ڕەنگت هەلبزرکاو دڵە ناسکەکەت هێندەی نەما قەفەسەی سنگت خاپور کاو دەرپەڕێت.. لەناکاو ووشەیەکی بەکولو دل دنیای لەبەر چاو ژێرەو ژوور کردیت...

- بێ عەقل..

موچڕکەیەك قولایی ناختی ڕاتەکاند.. گشت شتەکانت لە بەر دەم پێچەوانە بووە، مرۆڤی کە ئەیکردیتە مرۆڤ لەنەگبەتیو چارەڕەشی بە دووری ئەکردیت بەلام کردیتیە هەر گیانەوەرێکی بێ عەقل تەنها مرۆڤ نەبێ.. هەست بەچڕ نوكو کەلبەی دڕندەیەکی مرۆڤ خۆر ئەکەیت لەلەشت گیرئەبێ. چاوەزەقو گڕاویەکان جەستەت دائەپلۆقێنێ... هێرشت بۆ دێنێ... بەلام ئەتەوێ ڕا نەکەیت.. هاوارکەیت. پارچەکانی دلە شکاوەکەت بەچاوەکانیا داخ کەیت. پەلەکانت بەگشت لایا بهاوێژیت.. بەتەنها تیری ڕقت بگریتە دڕندەکانی !...

دەنگ:ـ

ئەکەی گوڵێ بیرەچەکەرە کردوەکەت، بەتەنهایی بەدەم زریانی ڕقەوە گیرۆ دەکەیت مرۆڤە یەك گرتوەکان، دڕندەکان بە ئاکامی خۆیان ئەبەن..

دەریای ڕقت تا ئەهات زیاتر شەپۆلی ئەهەژان تاوەکو لەو بەری شەقامەکەوە دەنگی هۆڕنی ئوتومبیلێکی وەستاو بەتەنها هێشتیتیەوە. پێکە نینێکی مرۆڤ کوژ ئەوەندەی تر فرمێسکی لەقوڕگ و خوێنی لەدەمارەکانتا هێنایە کوڵ.. بەجووتە دەرکی ئوتومبیلەکەیان دابەیەکاو کۆرپەی دەروونتیان ڕاچلەکاند. تۆزی دوای تیژ ڕەویان بە عارەقی سەرڕووتەوە خەست کردەوە «مرۆڤەکەی جاران هێدی هێدی لەدەرو نتاخولقایەوە. توێشە بەرەی خەمێکی تورست وابە کۆلا و بەهەمان ڕێگادا بەرە وهەموو ڕاستیەکان ملت ناو گەڕایتەوە...

پێت هەلگرتو گەیشتیەوە... چوخمە تەنگە بەرەکە یەکەم وێستگەی میواندارتە ئەلێی.. تاسەت لەگشت دیمەنە دێرینەکان ناشکێت «دەڕابەو دارەڕاو کۆچەو دەروازەو ئەلقە ڕیزو منالانو قاوو قیژو خەت خەتێنو زەردەی ئێواران ی فێنك وهەموو ئەوانەی پێشوازیان لە دلە شکاوە کە ت کرد... وا پەپولەی ڕوانینت لە سەر ڕووی پڕ لەمیهری نەریمانی هاوڕێت نیشتەوە.. وابا وەشی گەرمتان بۆ یەکتری ئاوەلا کرد. بەخەندەیەکی شیرین باری خەم و شازادەکان لە گۆڕ ئەنێن، واتروسکەی خۆری بیرەکەی ئەو لە دلی تۆشا گەشایەوە ئێوارەیەو بەتاسەی ئەوەوەپت زوو بگەیتەوەو تێر تێر دەستە پیرۆزە کانی دایە ماچ کەیت. بەدوو قسەی خۆش کەمێك لە هیلاکی ئەو ڕۆژەی بابەی ڕەنجدەریش فەرامۆش کەیت.